www.kurdistannet.org
7-7-2006 17:58 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامەیەكی كراوە بۆ كاك فەلەكەدین كاكەیی ... كاروان

سەرەتا بە ڕێز و حورمەتەوە دەڵێم لە دوای گۆڕانكاریەكانی هەموو وەزارەتەكانی هەرێم و لە دوای دەست بەكار بوونی وەزیری ڕۆشنبیری كاك فەلەكەدین ئەو بەڕێزە بە بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت هەستاوە بە وێران كردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەیتا پەیتا ئەو دیوارانە دەروخێنی كە وەزیرە بەڕێزەكانی پێشووتر بونیادیان نابوو هەڵبەتە كە دەڵێم دیوار روخاندن مەبەستم كارە باشەكانی وەزیرەكانی پێش كاك فەلەكە ئێستا ئەو بەڕێزە ئەو وەزارەتە گرنگ و پڕ ئیشەی داوە بە دەست سێ جەردە و كۆنە بەعسی و ئیش نەزان و ئیش نەكەر و ئەو سێ ناوەش حەز دەكەم هەموو كەس بیان ناسێت.

### 1- جەعفەر حەسەن:

ئەو پیاوە ماقوڵە تا ئێستا نازانێت بە كوردی قسە بكات هەر بە عەرەبی قسە دەكات و تا ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی وەكوو یەمەن و ئیمارات ژیاوە دیارە كە لەوی ژیاوە هەر خۆی وەكوو عەرەبێك بەوان ناساندووە و هەر چەند گۆرانی لێرە و لەوی بەرهەم هێنابێت بە زمانی عەرەبی بووە لێرە مەبەستم ئەوە نیە كە ڕەگەز پەرستی بكەم بەڵكوو ئێستا ئەو بەڕێزە بە فەرمانی كاك فەلەك بۆتە (كول فی كل) هیچ حیسابێك بۆ كەس ناكات لە وەزارەتی ڕۆشنبیری تەنانەت بۆ بەڕێزێكی شۆڕشگێری وەك حاكم شاكر كە بەڕیوبەری گشتی دیوانی ئەو وەزارەتەیە كاك فەلەك ئەو پیاوەی مەبەستم (جەعفەر حەسەن) ە كردۆە بە وەزیری دەرەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری كە ئەو شوێنە نە دەبێت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت و نە ئەو پیاوە شیاوە بۆ ئەو جۆرە پلە و پایەیە.
با بێینە سەر پیاوی دووەم:

### 2- عەزیز هەریری

كە ئێستا لەو وەزارەتە پێی دەڵێن عەزیز كاكەیی ئەم پیاوەش لە پیاوی یەكەم باشتر نیە لە هێچ ڕوویەكەوە هەر لە جەردەیی و بەعسی بوونەوە تا روح گەورەیی و لوت بەرزی و ئیش نەكەری و ئیش نەزانی دەیان شتی تریش كاك فەلەك ئەمیشیانی كردوە بە وەزیری دارایی و تەنانەت متمانەی ئەوەی پێ داوە كە لە جیاتی خۆی ئیمزا بكات و بە ناوی وەزیرەوە قسە لەگەڵ خەڵكی بكات و فەرمانی ئەوەی داوە كە گوایە ئەو لەو كەسانە نابێت كە فەرمانێكی ئەنجومەنی وەزیران نایگرێتەوە ئەوەی كە تایبەتە بە خەبیر و موستەشارەكانی وەزارەتەكان ئەوانەی كە شەهادەی بەكالۆریۆسیان نیە دەبێت خانە نشین بكرێن بەڵام كاك عەزیز كاكەیی مەبەستم عەزیز هەریریە ئەو موژدەیەی پێ دراوە لە لایەن كاك فەلەك كە ئەو بڕیارە شمولی ئەو ناكات.

پیاوی سێهەمیش:

### 3- شێرزاد عەبدو الرەحمانی

كۆنە بەعسی كە ئێستا كاك فەلەك ئەیەوێت ئەویشیان بكات بە وەزیری ڕاگەیاندن لە ناو وەزارەتەكەی خۆی دیار دەیەوێت وەكوو محەمەد سەعید صەحافی كۆنە وەزیری بەعسی لێ بكات ئەویش لە هەردوو پیاوەكانی یەكەم و دووەمدا خەراپترە لە هەموو شتەكاندا ئنجا بەڕیزان ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە كە بیلێین ئەوەیە كاك فەلەكەدین كاكەیی بەڕاستی پیاوێكی شۆڕشگێری بەڕێزە و ڕەنگە لە حەقیقەتی ئەو كەسایەتیانە نەزانێت و یان بە جوانی ئەو كەسانە نەناسێت و بە بیری خۆی وا بزانێت كە ئەوانە كاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بەڕیوە دەبەن بەڵام بروا بكەن وا نیە ئەوانە تەنها لە پلە و پایە و جەردەیی و بیری خەراپ و شتی قور و گەندەڵی بترازێت هیچی تریان پێ نیە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و هیوادارین كاك فەلەك ئەم نامە كراوەیە بخوێنێتەوە و چاوێك بەو فەرمانانە و بەو كەسانە بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر دەمی ئەو بەڕێزە نەبێتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری خەڵكی.